من به گوێرەی گومان بردنی بەندەکەمم بە من، من لەگەڵ بەندەکەمم کاتێك زیکر ویادی من دەکات

لە ئەبی هوڕەیڕەوە -ڕەزای خوای لێبێت- دەگێڕێتەوە: کە پێغەمبەری خودا -صلى الله عليه وسلم- فەرمووی: خوای گەورەی بەرز وشکۆدار دەفەرموێت: «من بە گوێرەی گومان بردنی بەندەکەمم بە من، من لەگەڵ بەندەکەمم کاتێك زیکر ویادی من دەکات، ئەگەر لە نەفسی خۆیدا یادی من بکات؛ منیش لە نەفسی خۆمدا یادی ئەو دەکەم، ئەگەر لە کۆڕ وکۆبوونەوەیەکدا یادی من بکات؛ ئەوا من لە کۆڕ وکۆبوونەوەیەکی خێرتر لە ئەوان یادی دەکەم، ئەگەر بستێک لە من نزیک ببێتەوە ئەوا من باڵێک لە ئەو نزیک دەبمەوە، ئەگەر باڵێک لە من نزیک ببێتەوە ئەوا من چوار باڵ (باعێك) لە ئەو نزیک دەبمەوە، ئەگەر بە ڕێکردنەوە بێت بۆ لام ئەوا من بە خێراییەوە دێم بۆ لای».

[سەحیح - ڕاست)] [(البخاري ومسلم) هاوڕان لەسەری)]

پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- پێمان ڕادەگەیەنێت کە خوای گەورە -تبارك وتعالى- دەفەرموێت: من بەپێی گومانی بەندەکەمم بە من، ومامەڵە لەگەڵ بەندەکەم دەکەم بەپێی گومانی بە من؛ کاتێك هیوای بە من هەیە وبە ئومێدە بەوەی لێی خۆش بم، وئەوەی بەسەردا دەهێنم کە پێشبینی دەکات سەبارەت بە من لە خێر یان شتی تر؛ ومن لەگەڵ ئەوم بە ڕەحمەت وڕێنموێنی وهیدایەت وچاودێری ویارمەتیدان ئەگەر ئەو یادی من بکات. ئەگەر لە نەفسی خۆیدا بەتەنها یادی من بکات بە ووتنی (سبحان الله ولا إله إلا الله وزیکرەکانی تر)؛ ئەوا منیش لە نەفسی خۆمدا یادی دەکەمەوە. ئەگەر لە نێو کۆمەڵێکدا یادی من بکات؛ من لەنێو کۆمەڵێکی زۆرتر وچاکتر وپاکتر لە ئەوان یادی دەکەم. ئەوەی لە الله نزیك بێتەوە هێندەی بستێك؛ خودا زیادی دەکات وهێندەی باڵێك لێی نزیك دەبێتەوە. ئەگەر هێندەی باڵێك لە الله نزیك بێتەوە؛ ئەوا خودا هێندەی چوار باڵ لێی نزیك دەبێتەوە. وئەگەر بچێت بۆ لای الله بە ڕۆیشتن؛ ئەوا خودا دێت بۆ لای بە خێراییەوە. ئەگەر بەندە نزیك بێتەوە لە پەروەردگاری بە گوێرایەڵیکردنی ونزیك بوونەوە لێی، ئەوا پەروەردگار -سبحانه وتعالى- زیاتر لێی نزیك دەبێتەوە چونکە پاداشت لە جۆری کردەوەیە. هەرچەندە بەندایەتی ئیماندار بۆ پەروەرگاری کاملْتر بێت ئەوا پەروەردگاری زیاتر لێی نزیك دەبێتەوە -سبحانه وتعالى-، بەخشینی الله وپاداشتی زیاترە لە کردەوەی بەندە وکۆششکردنی، بۆیە پاداشتی الله زۆر گەورەتر وزیاترە لە کردەوەی بەندە لە چۆنیەتی وچەندێتیدا. ئیماندار گومانی باشی بە الله هەیە، وکردەوە دەکات، وخێرایە بۆ ئەنجامدانی کردەوەی زیاتر؛ هەتاوەکو دەگاتە لای الله.

http://www.sunnah.global/hadeeth/ku/show/3636